# کەسایەتی کراوە – گۆشەگیر لە لایەن ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان-عێراق

ارسلان احمد حسن [1] عومەر ابراهيم عزيز [2]
[1,2] قسم علم النفس،كلية الاداب، جامعة صلاح الدين،كردستان،عراق

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی جۆری کەسایەتی کراوە و گۆشەگیر لای ئەندامانی پەرلەمانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان-عێراق،و زانینی جۆری کەسایەتی کراوە و گۆشەگیر بەپێی گۆڕاوی دیموگرافی (نێر و مێ)و ئاستی بڕوانامە،توێژەران (میتۆدی وەسفی )یان بەکارهێناوە،کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە ئەندامانی پەرلەمانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان-عێراق،نمونەی توێژینەوەکە بریتییە لە(٦٣)ئەندام پەرلەمان کە پێکدێن لە(٤٦ نێر)(١٧مێ) لە رووی ئاستی بڕوانامەی (ئامادەیی،دیپلۆم،بەکالۆریوس،ماستەر،دکتۆرا)پێکدێن.کە بەشێوازی هەرەمەکی سادە هەڵبژێردراون،توێژەر پشتی بەستووە بەپێوەری(حسین،٢٠٠٣)بۆ کەسایەتی کراوە و گۆشەگیر کەلە (١٨ برگە) پێکهاتووە، توێژەران هەڵسان بە بەکارهێنانی بەرنامەی(SPSS)بۆ شیکردنەوەی ئامارییەکان،بۆ دەرهێنانی جێگیری،رێگەی (دابەشکردنی دووبارە)و(دابەشکردنی نیوەی)بۆ پێوەرەکەیان بەکارهێنا. بۆ پێوەری کەسایەتی کراوە-گۆشەگیر لەبەر تاکی ژمارەی پێوەرەکان لە دابەشکردنی نیوەی هاوکۆلکەی پەیوەندی جیتان و سپرمان براون بەکارهێنرا بۆ راستی و دروستی جێگیری پێوەرەکە نمرەکانی دەرچووی پێوەرەکە بۆ کەسایەتی کراوە وگۆشەگیر بە دابەشکردنی دووبارە بریتی بوو لە(0.88)کە بەڵگەدارە بە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05)و پەیوەندێکی بەهێزە بۆ جێگیری کەسایەتی کراوە-گۆشەگیر بە رێگای دابەشکردنی نیوەی بە رێگای هاوکۆلکەی پەیوەندی جیتان بریتی بوو لە(0.901)بەهاوکۆلکەی پەیوەندی سپێرمان براون بریتی بوو لە(0.94)،لە ئەنجامدا دەرکەوت کە نمونەی توێژینەوەکە بە ئاراستەی کەسایەتی گۆشەگیرن،وە جیاوازی نیە لە کەسایەتی کراوە و گۆشەگیر بەپێی گۆڕاوی رەگەز،و جیاوازی هەیە بەپێی گۆڕاوی ئاستی بڕوانامە لە بەرژەوەندی بڕوانامەی ماستەرە،ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی ماستەرن زیاتر بەرەو ئاراستەی کەسایەتی کراوەن.

**وشە کلیلیەکان: کەسایەتی کراوە، گۆشەگیر، ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی، کوردستان-عێراق**

## پێشەکی :

بە بۆچوونی یۆنگ (١٩١٣) هەردوو بابەتی کراوەیی و گۆشەگیر بوون، دوو لایەنی گرنگ لە کەسایەتی مرۆڤ پێکدەهێنن، تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی کراوە گۆشەگیر لە ناو تایبەتمەندییەکانی هەموو تاکێك داهەیە دەکرێت،(یۆنگ)لە بارەی ئەم دوو کەسایەتییە بە شێوەیەکی روون و راشکاوانە باسی کردوە تاکی خاوەن تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی کراوەیی: کاتێک کە سەرنجدان بە شت و کارە دەرەکیەکان تا رِادەیەک زۆر بێت کە کار بکاتە سەر کار و کردەوەکانی مرۆڤ ئەوا پێی دەگوترێت کراوەیی بوون .دەتوانین تاکەکان بەسەر سێ گروپ دابەشکەین لە هەبوونی تایبەتمەندیەکانیان گرووپێك خاوەنی هەردووك تایبەتمەندی کەسایەتی کراوە گۆشەگیرن زۆربە سەختی دەتوانین بڵێن تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە کەسایەتییەیانە بەسەردا زاڵە ، گرووپی دووەم ئەو کەسانەن کە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی کراوەیان بەسەر زاڵە بەلام هەرچۆنێك بێت خاوەنی هەندێك تایبەتمەندی کەسایەتی گۆشەگیریشن و گرووپی سێیەم لە کەسایەتی گۆشەگیری نزیکن واتا زۆرترین تایبەتمەندی کەسایەتی گۆشەگیریان لی بەدیار دەکەوێت بەلام خاوەنی تایبەتمەندی کەسایەتی کراوەشیان هەیە، جا ئەمە بە لێکدانەوە دەرکەوێت و هەستی پێبکەین یاخود بەهۆی ئەنجامدانی پێوەری دەروونی کە تایبەتە بە کەسایەتی کراوە و گۆشەگیر.

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4 ، العدد 1 (2023)
أُستلم البحث في 15 سبتمبر 2021؛ قُبل في 07 ديسمبر 2021
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 01 أبريل 2023
البريد الإلكتروني للمؤلف: rizgar70m@yahoo.com
حقوق الطبع والنشر © 2023 ارسلان، عومەر. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

**گرفتی توێژینەوە:**

بێگومان لە هەردوو جۆری کەسایەتی لایەنی ئەرێنی و نەرێنی لە تایبەتمەندیەکانیاندا هەیە و کاریگەری دەردەکەوێت بەسەر خۆیان و کۆمەڵگەدا ،سەرئەنجام کۆمەڵگەش دەکەوێتە ژێر کاریگەریەکانی تاکەکان ، بەپێی بۆچوونی بیردۆزی یۆنگ(١٩١٣)سەبارەت بەوەی کە گۆشەگیری وەک بارێکی دەروونی ئاسایی لە هەڵومەرجێکی ژینگەیی تایبەت دا زۆر ڕاستە و دروستە و پشت بە تایبەتمەندی فسیۆلۆژی جەستەی مرۆڤ دەبەستێت ، لەلایەکی ترەوە کەسانی گۆشەگیر کاتێک دەبینن کە کەسانی کراوە ڕێزیان زیاتر دەگیرێت، ستایش دەکرێن تووشی شەرم دەبن و هەست بە بێ بەهایی دەکەن،بیردۆزی ئایزنگ (١٩٦٩) دەرکەوتنی کراوەیی و گۆشەگیری لە تاکەکاندا هەردەم ڕێژەییە و پەیوەستە بە ڕووداوەکانی دەرەکی ژیان، لەبەر ئەوەی تاک لە باری ئاساییدا لە ئاستێکی هاوسەنگ لە نێوان ڕەفتاری گۆشەگیری و کراوەیی دا دەبێت و، بە پێی هەڵومەرجی ژیانی خۆی دەکرێت بەرەو کراوەیی یا خود گۆشەگیری هەنگاو بنێت. ئەندام پەرلەمان پێویستە راستەوخۆ ئاگاداری ژیان و بژێوی خەڵک و ئەو یاسانەی کە کاریگەری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆیان بەسەر ژیانی تاکەکانی نێو کۆمەڵگەدا هەیە و جیا لە پرسە گرنگەکانی کە پەیوەستن بە نیشتمانیەکان ، توێژەران لە بەشەکانیتری توێژینەوەکە بەباشی باسی دوو جۆری کەسایەتی کراوە و گۆشەگیریان کردوە، بۆیە دەمانەوێت بزانین کە ئەندام پەرلەمانەکانمان لە خولی پێنجەمی کوردستان – عێراق کەسانی کراوە ن یا گۆشەگیرن ، ئایا لە چ جۆرە کەسایەتێکن وە لە چ جۆرێکبن دەتوانن باشتر لەخەلک تێبگەن و خزمەتیان بکەن ئایا گرفتە کە کراوەبن بەهۆی سەرقاڵی بە کاری پەرلەمان و زۆر تێکەل بە خەلکیش بن یاخود پێویستە گۆشەگیر بن بەو تایبەتمەندیانەی باسمان کردوە.

**گرنگی توێژینەوە :**

کەسی سروشتی کەسێکە نە بەتەواوی کراوەیە و نە بە تەواوی گۆشەگیرە ،زۆربەی خەڵك لە یەک حاڵەتدا لە ئەوی دیکە پێشکەوتووترە، بەو هۆیەشەوە هەندێک کراوەن و هەندێکیش گۆشەگیرن ،گرنگی وردی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە لەگەل باسکردنی جۆری کەسایەتی کراوە و گۆشەگیر لە لایەن ئەندام پەرلەمانانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانی – عێراق دەتوانین گرنگی زیاتری پێبدەین زانیاری کۆکەینەوە وە لایەنە پەیوەندیدارەکان سود وەرگرن تاکو زیاتر کار لەسەر ئەو کەسانە بکەن یان هەڵیانبژێرن کە بەپێی ئەم توێژینەوەیە گونجاوتر و گرنگترن بۆ نوێنەرایەتی کردنی خەڵك لە نێو پەرلەمان ، چونکە پەرلەمان گەرەترین دەزگای یاسا دانانی هەر وەلاتێکە بۆیە زۆر گرینگە ئەو کەسانەی نوێنەرایەتی خەڵك دەکەن کەسایەتیکی بەهێز و خاوەن ویست و براوبەخۆبوونێکی دەروندروستانەیان هەبێت، لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیی، بەدواداچوون بۆ گەشەکردنی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری دەکەن . بۆیە زۆر گرنگە حیزبەکان سەرەتا کار لەسەر کەسایەتی ئەو کەسانە بکەن یاخود ئەو کەسانە دەستنیشان بکەن کە کەسایەتێیەکی بەهێزیان هەیە یاخود ئاستی گونجانیان بە پێ ئەم توێژینەوەیە باشتریێت بۆ نوێنەرایەتی کردنی تاکەکان لە نێو کۆمەڵگەدا.

**ئامانجەکانی توێژینەوە :** زانینی ئاستی کەسایەتی کراوەیی و گۆشەگیری لای نمونەی توێژینەوەکە بە گشتی .. زانینی ئاستی کەسایەتی کراوەیی و گۆشەگیری بەپێی گۆڕاوی رەگەز (نێر و مێ) لای نموونەی توێژینەوەکە بە گشتی . زانینی جیاوازی کەسایەتی کراوەیی و گۆشەگیری بەپێی جیاوازی (ئاستی بروانامە) لای نموونەی توێژینەوەکە بە گشتی.

**سنوری توێژینەوە :**

سنوری ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ئەندامانی پەرلەمانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان - عێراق لە نێوان هەردوو رەگەزی (نێر و مێ) بۆ سالی خوێندنی (2021- 2020) زایینی .

**پێناسەکردنی زاراوەکان :**

**یەکەم / پێناسەی کەسایەتی :**

**١- پێناسەی ئەیزینک (Eysenck 1987):**کەسایەتی وەک کۆی گشتی شێوازی هەڵسوکەوتی ڕاستەقینە یان ژێرەوەی تاک پێناسە دەکات، و لەو کاتەوەی کە بە میرات و ژینگە دیاری دەکەن و بەرجەستەی دەکەن و گەشە دەکەن لە ڕێگەی کارلێکی یان ڕێکخستنی نەگۆڕ و نەگۆڕی چوار ناوچەی سەرەکی کە ئەم شێوە ڕەفتاریانە ڕێکیان خستووە : بواری مەعریفی ئاماژەیە بۆ زیرەکی ، بواری ئاماژە بە قورگ یان سپاردە دەکات ، بواری سۆزداری ئاماژە بە سۆز ، بواری جەستەیی دەکات و شێوەی جەستە و میراتی دەماری دەردەخات (عبدالخالق ، ١٩٨٧،ل٤٠).

**٢- پێناسەی ئەلپۆرت (٢٠٠٣) :**کەسایەتی وەک سیستمێکی دینامیکی تایبەت نییە کە لەناو پێکهاتە جەستەیی و دەروونییەکانی کەسەکەدا گەشە بکات و لەتایبەتمەندیی کەسی و ڕەفتارو هەست و بیرکردنەوە پێکهاتووە و بۆچوونی (ئەلپۆرت ) بووە سەبارەت بەسروشتی کارەکتەرەکانی مرۆڤ ، کە هەر کەسە و سروشتێکی ناوازە و کەسی هەیە کە لەیەک نەچووبێت ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی بۆ هێڵەکان لەسەر کرۆمۆسۆمەکان و پەروەردەی مرۆڤ و ئەوانی تر (Hansenne,M M، ٢٠٠٣،ل١٥).

**٣- پێناسەی یۆنگ (٢٠١٦):**کەسایەتی ئەوەیە کە ئەمانە سیفەتی بەردەوامی ڕەفتاری کەسێکن و ڕەنگە لە ئەزموونە ناوازە یان گشتیەکانی خۆیان و هەروەها کاریگەری ژینگەیی و بۆماوەیی گەشە بکەن (شامیة ، ٢٠١٦ ، ل ٣١ ).

**پێناسەی توێژەر بۆ کەسایەتی:**کەسایەتی پێکدێت لە کۆمەڵێك تایبەتمەندی نیمچە جێگیر ، کە بەهۆی ژینگە و ئەزمونەکانەوە گۆرانکاری لە تایبەتمەندیەکانیەوە دەکرێت،کە تاك بەهۆی بیرکردنەوە و قسەکردن و رەفتارەکانی وە کاردانەوەکانی بەرامبەر رووداوەکان لە کاتە جیاوەزەکان پێشان ئەدات ، کە بەهۆی ئەم تایبەتمەندی و ئەزموونەکان دووکەس نادۆزیتەوە کە کەسایەتی هاوشێوەیان هەبێت.

**دووەم/ پێناسەی کەسایەتی کراوە و گۆشەگیر :**

**١- پێناسەی کون coon (١٩٩٧) :** کەسی کراوە کەسێکە کە وزەو سەرنجی خۆی لە دەرەوە ئاراستە دەکات ، ئەو کەسێکە بەدوای داکشان و داتاشینی کۆمەلایەتییە بەرزە و کەسێکە بەرەو دەرەوە ئەگەرێ ، بەلام کەسایەتی گۆشەگیر ئەو تاکەیە کە سەرنجی خۆی بۆ ناوەوە ئاراستە دەکات ، کەسێکە پێی باشە تەنها بێت یا پاشەکشی بکات لەبەر یەك هەلوێستی کۆمەلایەتی و شەرمنە ، کەسێکە سەرنجی لەسەر خۆیە ( coon ،١٩٩٧،ل٨٤٠).

**٢- پێناسەی ئەیزینک (١٩٩٩):کەسایەتی کراوە** تاکێکی کۆمەلایەتیە کە لە چالاکی گروپانە پێش دەکەوێت و بەدوای چالاکی پڕ جۆش و خرۆشدا دەگەرێت و ئەم جۆرە کەسانە دەتوانن چالاک و گەشبین بن و تێکەڵ دەبن لەگەڵ خەڵک و کار و چالاکی گروپانەیان پێ باشترە لە کارو چالاکی تاکانە **کەسایەتی گۆشگیر "** کەسانی گۆشەگیر حەز لە چالاکی تاکەکەسی دەکەن و ئەو کارانەی پێویستیان بە بیرکردنەوەیە و ئەزمونەکانی خۆیان بە بەها دەنرخێنن و هەوڵ دەدەن پێیان بگەن ئەم جۆرە کەسانە هاورێیەتی پەرتوک لە هاورێیەتی لەگەڵ خەڵک بە باشتر دەزانن، لە خەڵک هەڵدێن، رێک و رژدن لە کارەکانی خۆیاندا و هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەن (ساروخانی،١٩٩٩،ل١٤٦) .

**٣- پێناسەی یۆنگ (٢٠١٩) :**ئاراستەی دەرەکی بریتییە لە کەسایەتی کراوە و ئاراستەی ناوخۆی بریتییە لە کەسایەتی گۆشەگیری کەسی گۆشەگیر ئەو کەسەیە تا رادەیەك تەنیایە و دوورەپەرێزە و شەرمنە و زۆر بایەخ بە خود دەدات ، بەلام کەسایەتی کراوە زیاتر کۆمەلایەتییە و زیاتر بایەخ بە جیهانی دەرەوە دەدات ، بەپێ بۆ چوونی یۆنگ لای هەرکەسێك یەکێك لەو دوو ئاراستەیە زاڵ دەبێت، کاتێك ئەو ئاراستەیە بالادەست بوو ئەو کاتە کاریگەری تەواو دەبێتە سەر رەفتار و هزری تاك ، بەلام ئاراستەکەی تا (بەزیوەکە) دەمێنێتەوە و ناشاردرێتەوە دەبێتە بەشێك لە نەستی کەسێتی و تاوای لێ دێت کاریگەری لەسەر رەفتاری هەر دەمێنێت ، توێژەر پشتی بە پێناسەی (یۆنگ) بەستوە وەك پێناسەی تیۆری بۆ کەسایەتی کراوە و گۆشەگیر( مستەفا،٢٠١٩ ، ل١٢١).

**پێناسەی توێژەر بۆ کەسایەتی کراوە:**کەسایەتی کراوە کۆمەڵێك تایبەتمەندی لەخۆی دەگرێت کە دەکرێت بەشێکی تاکەکان بەم تایبەتمەندیانە وەك گروپ لە تاکەکانیتر جیا بکرێنەوە ، کە حەز بە تێکە لبوون لەگەڵ خەڵك و کارە کۆمەلایەتیەکان دەکەن ، وە حەزدەکەن ئەوەی لە هزر و پلان و ئامانجەکانیان هەیە لەگەڵ کەسانیتر باس بکەن ، هەروەها کەسانیتر بکەن بە هاوبەشی بریار و کارەکانیان ، و زیاتر مەیلی کارە گروپیەکانیان هەیە و توانای خێرایان هەیە لە بریاردان ، و توانایەکی بالایان هەیە لە دروستکردنی هاورێیەتی لەگەڵ کەسانی بێگانە ، کەسانی خاوەن کەسایەتی کراوە لە تەنیایدا توشی خەمۆکی دەبن ، و ئاریشەکانیان بە قسەکردن چارەسەردەکەن.

**پێناسەی توێژەر بۆ کەسایەتی گۆشەگیر:**کەسایەتی گۆشەگیر خاوەن کۆمەڵێك تایبەتمەندیە کە پێچەوانەی کەسانی خاوەن کەسایەتی کراوەن ، کەسی گۆشەگیر بەهۆی حەزکردن بە تەنیایی و بیرکردنەوەی بەردەوام بە کەسانی لە خۆبایی دەناسرێن لە لایەن کەسانیتر ؛ بەلام لە راستیدا سروشتی کەسایەتیان وایە ، ئەوان بە بیرکردنەوە و بێدەنگی چارەسەری ئاریشەکانیان دەکەن ، وە زیاتر حەز بە نوسین دەکەن تا قسەکردن بۆیە کەسانی گۆشەگیر نوسەری گەورەیان لێ هەڵدەکەوێت .

**پێناسەی کرداری توێژەر بۆ کەسایەتی کراوە و گۆشەگیر:**بریتییە لە کۆی ئەو نمرەیەی کە تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە بەدەستی دەهێنن لە پێوەری کەسایەتی کراوە و گۆشەگیر کەلەم توێژینەوەیەدا بەکار هاتووە.

**پێناسەی پەرلەمانتار**

١- پێناسەی(٢٠١٥ ، Rolef):ئەندام پەرلەمان ، ئەندامێکە دەبێتە وتەبێژی بەرژەوەندی ناوخۆیی کەسێک کە کار دەکات بۆ ئاسانکاری بۆ ئەو کەسانەی کە دەربارەی مەسەلەکانی حکومەت مامەڵە دەکەن یاسا دروستکەر و چاودێر لە کارەکانی حکومەت و چۆنیەتی خەرجکردنی ئەو پارەیەی کە لە باج وەرگرتنەوە دەیداتێ، وە بەشداربوو لە گفتوگۆ کردن لەسەر ئاریشەی نەتەوەیی ئەگەر ئەندامێک بە پشتیوانی پارتەسیاسییەکەی ( وەک زۆربەی هەرە زۆری ) هەڵبژێردرابێت ، هەروەها چاوەروانی دەکرێت بەشداری لە چالاکی حیزبیدا بکات . زۆربەی ئەندامەکان دەتوانن وەک سێ رۆڵ ببینن، کە ئەندام پەرلەمان و نوێنەری هەڵبژاردن و ئەندامی حزبن (Rolef،٢٠١٥ ، ل ٦)

٢- پێناسەی (Hluttaw,2009) بەپێی یەکێتییەکی نێو پەرلەمانی کە بڵاوکراوەتەوە ، پەرلەمان و دیموکراسی لە سەدەی بیست یەك شارەزایانی پەرەپێدانی پەرلەمان رازین ئەم ئەرکانەی خوارەوە بەئەرکی سەرەکی دادەنرێن کەئەنجام دراو و چاوەروانی هەموو پەرلەمانەکان دەکات کە ئەم ئەرکانە ئەنجام بدەن کە بریتین لە

یەکەم : یاسا دروستکردن

دووەم : چاودێری کردن لە کردارەکانی جێبەجێکردن، سیاسەت و کەسانی کارگوزار .

سێیەم : پەسەندکردنی خەرجییەکان، کەباوە لە چوارچێوەی بودجەی نیشتمانی دا (Hluttaw ، ٢٠٠٩ ل ٩)

**پێناسەی توێژەر بۆ پەرلەمانتار:**پەرلەمانتار هەلبژێردراوی خەلکە کە بە کۆمەلێك ئەو بەلێنانەی خۆی و حیزبەکەیان بە خەلکداوە لە سەر ئەو بنەمایە

هەڵدەبژێردرێت وە لە پێناو دروستکردن و هەموارکردنی یاسا بە سودی خەڵك و چاودێری حکومەت لە بەدەست هێنان و خەرجکردنی بودجە وە بڕیاری یەکلاکرەوە لە پرسە گرنگ و نەتەوەییەکان داکۆکی دەکات .

**چوارچێوەی تیۆری**

**بیردۆزەکان**

**یەکەم : بیردۆزی فرۆید (Sigmund Freud):**

فرۆید گۆشەگیری بە کەمبوونەوەی وزەی سێکسی (لیبیدۆ) دەزانێت بەرەو پێکهاتە خەیاڵی و وەهمیەکان. واتە گۆشەگیری ئاماژەیەکە بۆ لادانی لیبیدۆ لە توانستی تێربون بە کردەوە و ڕشتنەوەی بۆ نێو هەندێ خەیاڵ تا ڕادەیەک بێ زیان بێت. کەواتە لە بارودۆخێکی ناهاوسەنگ دایە بەڵام ناگاتە ڕادەی نەخۆشی شلەژانی دەماری(العصابیە). جا ئەگەر هیچ دەرفەتێکی دەرچوونی نەبێت بۆ لیبیدۆی سەرکووتکراو ئەوا یەکەمین گۆڕانکاری لە هاوسەنگی لێکەوتەکانی شلەژانی دەماری دەردەکەوێت و لە بەرامبەردا سروشتی وەهمی لە لایەن تاک بۆ تێرکردنی شلەژانی دەرماری لە کاتی نەمانی جیاوازی نێوان خەیاڵ و ناواقیعی دەبێت بە دەستپێکی گۆشەگیری (حسن، ٢٠٠٣، لا ١٩١).

**دووەم : بیردۆزی یۆنگ (١٩٢٣)،(Car Jung):**

(یۆنگ) یەکەم کەس بوو کە گرێمانەی توانستی دابەشکردنی تاکەکان بەسەر ئەم دوو شێوازە سایکۆلۆژیایی (کراوەیی و گۆشگیری) پێشکەش کرد لە سەر بنەمای ئاراستەی دەرچوونی وزەی لیبیدۆ. کەواتە کەسی کراوە ،ئاراستەی وزەی لیبیدۆکەی بۆ دەرەوە و دەبێت . و بابەت هەڵگری بەهای بێ مەرجی خودی تاکە، و تا ڕادەیەکی زۆر وەڵامەکانی بۆ هەڵوێستە جیاوازەکانی دیاری دەکات.

یا خود بەواتایەکی تر: کاتێک کە ڕوو و سەرنجدان لە بابەت یان ڕاستیە زانستیەکان زۆرینە و زیاتر بێت بە جۆرێک کە زۆرینەی بڕیارە گرنگ و دووبارەکان و هەروەها زۆرینەی ئەو چالاکیانەی کەسەکە پێی هەڵدەستێت دیاری دەکرێن لە ڕێگەی بەها خودیەکان یان تایبەتەکان نیە، بەڵکو لە ڕێگەی پەیوەندیە بابەتیەکانە، ئەوا لەم بارەدا باس لە ڕێچکەی کراوەیی بوون دەکەین. بەڵام ئەگەر ببێت بە ڕەفتارێکی خووپێکراو (ئاسایی)، کە دەکرێت زۆربەی کات دووبارە ببێتەوە، ئەوا بە ڕاشکاوانە ئاماژە بە شێوازی کراوەیی بوون دەکەین . بەڵام گۆشەگیری بریتیە لە دەرچوونی وزەی لیبیدۆ لە تاکدا بەرەوە ناخەوە لە بابەتەوە و بەهایەکی نامەرجانەش دەبێت لە نێو خودی کەسەکەدا ، یان ڕووتێکردن لە ڕێگەی پاڵنەرە خودیەکان زۆرینە دەبێت و سەردەکەوێت کەواتە هەستی تاکی گۆشەگیر بێ گومان بەرەو هەڵومەرجی دەرەکی دەچێت بەڵام ئەو دیارخەرە خودیانەی بڕیارەکانی لەسەر ئەو دەردەکات و هەڵدەبژێرێت (Eyesenck 1947 P.56). دەکرێت وزە بۆ دەرەوە بەرەو جیهانی دەرەکی ئاراستە بکرێت ، یان بۆ ناوخۆ بەرەو دەروون ئاراستە بکرێت ، بەپێی بۆچوونی (یۆنگ) دوو مەیل یا ئاراستەی سەرەکی لە کەسایەتی هەیە : ( کراوەیی و گۆشەگیری ) کە دوو دژەمەیلن (دژە ئاراستەن)یەکێکیان زاڵە بەسەر ئەویتریان لە کەسایەتی تاکێک ، (یۆنگیش) لە ئەدەبیاتی دەروونزانی و لای خەڵك بەگشتی بەو چەمکە ناسراوە . ئاراستەی دەرەکی بریتییە لە کەسایەتی کراوەیی ، وە ئاراستەی ناوخۆی برتییە لە کەسایەتی گۆشەگیر ، کەسی گۆشەگیر ئەو کەسەیە تارادەیەك تەنیایەو دوورەپەرێزە و شەرمنە و زۆر بایەخ بەخۆی دەدات ، بەلام کەسی کراوە زیاتر کۆمەلایەتی یەو زیاتر بەیەخ بە جیهانی دەرەوە دەدات ، بەپێ بۆچوونی (یۆنگ) لای هەرکەسێك یەکێك لەو دوو ئاراستەیە زال دەبێت ، کاتێك ئەو ئاراستەیە بالادەست بوو ئەو کاتە کاریگەری تەواوی دەبێتە سەر رەفتار و هزری تاك ، بەلام ئاراستەکەیتر (بەبەرزی ) دەمێنێتەوە و ناشاردرێتەوە وە دەبێتە بەشێك لە نەستی کەسیەتی و توانای کاریگەری لەسەر رەفتاری هەردەمێنێت . بۆنمونە ،کەسێکی گۆشەگیر لەوانەیە لە هەندێك بۆنەدا حەزبکات ببێت بە کەسێکی کراوە یان کەسێکی کراوەیی خۆش بوویت ، کەواتە هەموو کەسێك هەلگریی هەردوو ئاراستەکەیە (مستەفا، ٢٠١٩،ل١٢١).

**سێیەم:بیردۆزی ڕەیمۆند کاتل(Raymond Cattell):**

کراوەیی/ گۆشەگیری هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم دوو چەمکە ئەوەیە کە هەردووکیان ناوی هونەرین بۆ ئەو هۆکارەی بە کردەوە لە ناوچەی وشەیی کراوەیی بوون و گۆشەگیربوون دیاری دەکرێت". و کاتل هیچ هۆکارێکی لەسەر هەبوونیان نەدۆزیەوە تەنها لە ساڵی ١٩٥٧ ز. نەبێت ، لەبەر ئەوەی لێکۆلینەوەی کردووە بە هۆکارێکی یەکلاکەرەوە کە تەنها بریتی نیە لە کۆکردنەوەی پەیوەندیانە بەڵکو وەک هۆکارێک لە پلەی دووەمدا، و هەندێ دیاریکاریشی هەیە لە سەر ئاستی تۆماری ژیان و هەواڵگری. و هەر یەکە لە (کاتل) و (شایر) باس لەمە دەکەن کە نەخۆشانی شلەژانی دەماری (العصابی) زیاتر پەنا بۆ گۆشەگیری دەبەن. و هەندێ لە تاقیکردنەوە بابەتیەکان ئەوەیان خستۆتە ڕوو کە ئەوانەی تووشی نەخۆشی سایکۆسس (ذهانی) بوونە دەکرێت بە پلەیەک کراوەتر بن لە کەسانی ئاسایی، بەڵام ناسەرەکین، وێڕای ئەوەی لە بنەڕەتدا گۆشەگیرترن بە پلەیەکی زۆر کەم هەر وەک داتاکانی هەواڵگری لەسەر ئاستی هەواڵگری دەخاتەڕوو". ،هەر وەک (عبدالخالق، ١٩٨٣، p183) گۆشەگیری لە پێنج خاڵدا شرۆڤە دەکات: (گۆشەگیری کۆمەڵایەتی ، گۆشەگیری هزری ، خەمۆکی،حەز و ئارەزوو خوولیەکان ،دەرپەڕین -دەرچوون)( العتيبي ،١٩٩٦ ،ل٣٢) .

**توێژینەوەکانی پێشوو**

**١- نجارپور (٢٠٠٨)** پەیوەندی نێوان جۆرەکانی کەسایەتی(کراوە و گۆشەگیر)وزیرەکی هەروەها ڕەگەز لەگەڵ مەرجی مانایی سامپلی هەڕەمەکی سیستماتیک لە نێو قوتابیاندا بوو کە ٩٤ کەس لە بەشی یەکەم و دووەمی پسپۆری بەشی دەروونزانی دابوە لە ،زانکۆی ئازادی ئیسلامی، تاران مەبەست لەو لێکۆڵینەوەیە ، لێکۆڵینەوە بوو لە پەیوەندی نێوان جۆرەکانی کەسایەتی (گۆشەگیرە، کراوەی )،زیرەکی و جێندەر لەگەڵ مەرجی مانادار بووە جیاوازی بەرچاو هەبووە لە نێوان دەربڕین لە ڕووی مەرجی

مانادارەوە،ئەو گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە تاقیکردنەوەی کێشراو-نێگرا خێراترە لە بابەتە گۆشەگیرە مەرجدارەکان گۆڕانی زیرەکی و جێندەری پێ پەیوەندی بە مەرجی مانایەوە(نجارپور ،٢٠٠٨).

**٢- احدي و حسن (٢٠١٥)**پەیوەندی نێوان تایبەتمەندیەکانی کەسایەتی (گۆشەگیربوون و کراوەیی)و تەندروستی دەروون لەگەڵ خۆشی،قوتابیانی زانکۆی ئازادی ئیسلامی لقی زانست و توێژینەوە بوو . شێواز: بۆ ئەم مەبەستە 364 قوتابیە (183 کچ، ١٨ کور) بە هەڕەمەکی دەستنیشان کراندیمۆگرافیای (تەمەن ، سێکس ، ئاستی خوێندن و ژمارەی منداڵانی ناو خێزان ) لەگەڵ بەختەوەریدا ، پەیوەندی واتاداری نەبوو و گۆڕاوی دەروونی (گۆشەگیربوون و کراوەی) و پێکهاتەکانی ئاسوودە لەگەڵ خۆی، ئاسوودە لەگەڵ ئەوانی تر و پەیوەندیەکی بەرچاو هەیە لە نێوان توانا و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پێداویستی تەندروستی دەروونی لەگەڵ بەختەوەریدا ، پەیوەندی هەیە (احدي ،حسن،٢٠١٥،ل٩)

**٤- پورمختار (٢٠٢٠)** تایبەتمەندیەکانی کەسایەتی ( کراوەی ، گۆشەگیری ، گەشبین ، ڕەشبین ) ، خوێندنی بەراوردکاریی قوتابیان نموونەی توێژینەوەکە : لە ( 111 ) قوتابی لە یەکەم گروپی بنەڕەت ئاسیا پێکهاتبوو ، و پێکهاتووە گرووپی دووەمی (١١١)قوتابی یەکێ ئەمریکی بەرەگەزی قەوقازیە توێژینەوەکە بە مەبەستی بەراوردکردنی دوو گرووپ لە قوتابیانی ئەمریکی لەسەر ئەندیشی تایبەتی ئەنجامی توێژینەوەکە دەریدەکەوێ کە قوتابیانی ئاسیا - ئەمریکی زیاتر لاریان لە ڕەشبینی و گۆشەگیربوون هەیە لە قوتابیانی بنەچەی قەوقازی ، ئەوەش نیشان دەدات کە نێرینە لە هەردوو گرووپی توێژینەوەکەدا زیاتر گەشبین و دڵخۆشدەبن لە قوتابییە مێینەکان(پورمختار ،٢٠٢٠،ل١).

**میتۆدی توێژینەوە**

**١- ڕێبازی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی بەکارهاتووە چونکە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە گونجاوە .

**٢- دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە :**

کۆمەڵگە مانای هەموو کۆمەڵگە دەگرێتەوە ، بەڵام نمونە بەشێکە لە کۆمەڵگەی گشتی دەگرێتەوە (عودە ، الخیلیلی ، ٢٠٠ ،ل ١٥)کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتیە لە ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ، کە کۆی (١١١) ئەندام پەرلەمانی کوردستان (٦٣) ئەندام پەرلەمانمان لە فراکسیۆنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ، یەکێتی نیشتمانی کوردستان ، بزوتنەوەی گۆران ، کۆمەڵی دادگەری کوردستان ، یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان ، وەرگرت .

**٣- نمونەی توێژینەوە:**

کۆمەڵەیەکی بچووک ، یان ڕێژەیەکی دیاریکراوە لە کۆمەڵگەی گشتی کە هەمان ئەو خسلەت و تایبەتمەندیانەی لە کۆمەڵگە گشتیەکەی تێدایە کە توێژینەوەی لەسەر دەکرێت ، بە مەرجێک بوار بۆ هەر تاکێک بە یەکسانی برەخسێت تا ببێتە ئەندامی نمونەی توێژینەوەکە ، بەبێ دەست تێوەردان و لایەنگری و حەزی توێژەر (عومەر ، ٢٠١٢، ل ٢٤٩) .نمونەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە (٦٣) ئەندام پەرلەمانانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کە بە شێوەی هەرەمەکی هەڵبژێردراون لە نێوان هەردوو ڕەگەز (نێر و مێ)کە پێکهاتیە لە (٤٦) نێر ، (١٧) مێ ،کە (٦٣)ئەندام پەرلەمان دەکاتە (٥٦%)کۆمەڵگەی توێژینەوە ، کە لە خشتەی (٢) زیاتر ڕونکراوەتەوە وە بە پێ ئاستی بروانامە کە لە ئاستی ( ئامادەیی و دیپلۆم و بەکالۆریۆس وەك گروپی یەکەم وە خوێندنی باڵا کە ماستەر و دکتۆرا دەگرێتەوە وەك گروپی دووەم وەرگیراوە کە پێکهاتون لە گروپی یەکەم (٤٥) ئەندام پەرلەمان کە خاوەنی بروانامەی ئامادەیی و دیپلۆم و بەکالۆریۆس ، و گروپی دووەم (١٨) ئەندام پەرلەمان کە خاوەنی بروانامەی خوێندنی باڵان (ماستەر و دکتۆرا)کە لە خشتەی (٢) بە شێوازێکی باشتر روونکراوەتەوە .

خشتەی (٢) نمونەی توێژینەوە

| ژمارە | ناوی حیزبەکان | ژمارەی پەرلەمانتاران | ژمارەی وەرگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٤٥ | ٢٩ |
| ٢ | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٢١ | ١٨ |
| ٣ | بزوتنەوەی گۆران | ١٢ | ٧ |
| ٤ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٧ | ٥ |
| ٥ | یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان | ٥ | ٤ |
| ٦ | کۆی گشتی | ٩٥ | ٦٣ |

**ئامرازەکانی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە پشتی بەستوە بە دوو ئامراز،یەکەم بۆ پێوانەی کەسایەتی کراوە و گۆشەگیر،دووەم بۆ بروابەخۆبوون ، لە خوارەوە باس لە چۆنیەتی ئامادەکردنی ئامرازەکان کراوە کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**یەکەم / پێوەری کەسایەتی کراوە و گۆشەگیر:**

ئەم پێوەرە لە توێژینەوەی(حسن ٢٠٠٣)وەرگیراوە کە(١٨) برگە لە پێوەرەکە بەکار هاتوون کە نمونەی توێژینەوەکە وەڵامی برگەکان دەداتەوە بەم هەڵبژاردنانەی بریتین لە(زۆر لەگەڵیدام،تا رادەیەك لەگەڵیدام،لە گەڵیدانیم)وەڵام دەدریتەوە،کە توێژەر سەرجەم برگەکانی بە شێوەی فۆرم خستەبەر دیدی شارەزایانی دەروونزانی کە لە(٨)شارەزا پێکهاتبوون، بەرای گشتی شارەزایان سەرجەم برگەکان پەسەندکران وە هیچ برگەیەك نەبوو کە لە پێوەرەکە کەم بکرێتەوە لابرێت یاخود هەمواربکرێت ، کە بۆ باشترکردنی پێوەرەکە چەند تێبینەك ئاراستەکران،دوای پەسەندکردنی پێوەرەکە لەلایەن شارەزایان پیادەی سەر نمونەی توێژینەوەکە کرا.

**راستگۆی پێوەر:**

راستگۆی پێوەر لە گرنگترین تایبەتمەندییەکان پێوەری توێژینەوەکەیە ، بریتیە لەو توانایەی کە دەتوانێت ئەوشتە بپێوێت کە بۆی دانراوە ، مەبەست لە راستگۆی دەرەکی ئەوە نیە کە ئاستی راستگۆیی تاقیکردنەوەکە پێویستە لە

روی روخسارەوە روون بكرێتەوە ، چونكە شێوازی گشتی تاقیكردنەوەكە لە رووی جۆری زاراوەكان و شێوازی دارشتن و ئاستی روونی و ئاشكرایی و بابەتی و وردی و ئاستی گونجانی تاقیكردنەوەكەیە (ابوعلام ، ٢٠١٤ ، ل ٤٦٥) .

**ا / راستگۆی رواڵەتی:**

ئەم جۆرە تاقیكردنەوەیە ناوەكەی ئاماژە بەراستگۆیەكەی دەكات، واتا راستگۆی هەیە بە شێوەیەكی رووكەشی،روالەتی گشتی بۆ ئەم جۆرە تاقیكردنەوانە دەری دەخات كە ئەمەش لەبەر روونی رێنماییەكان و رێكوپێكی هەنگاوە بنەرەتییەكان بۆ تێگەشتنیان لە پرسیارەكان و وەلامەكان ، دەتوانرێت هەلسەنگاندنی نمرەی راستگۆی روالەتی بۆ تاقیكردنەوەكە بكرێت لە ماوەی گونجاندن لە نێوان بۆچونی هەلسەنگێنەران ، راستگۆی روالەتی دەگەرێتەوە بۆ ئەزموونەكە كەلەرووالّەتدا چ دەپێویێت نەك لە راستیدا چی دەپێویێت (رزاق ، ٢٠١٤،ل ٦٣).دوای ئەوەی توێژەر هەردوو پێوانەی (كەسایەتی كراوە و گۆشەگیر) كۆی برگەكانی كەسایەتی (كراوە و گۆشەگیر) كە لە (٣٥)بە شێوەی گشتی هەموو برگەكان جێ پەسەند بوون،رێژەی رازیبوون بە رێژەی سەدی بۆ پێوانەی كەسایەتی كراوەی و گۆشەگیری ( ١٠٠% )پەسەنكران.

**ب / جێگیری پێوەر :**

**یەكەم/ كەسایەتی كراوە و گۆشەگیر:**پێناسەی جێگیری (جێگیری واتا رێكی و وردی و هاوسەنگی پێوەر ، ئەم تایبەتمەندییە ئەوە دەگەیێنێت كە ئەگەر پێوەرەكە چەند جارێكیتر ئەنجامبدرێتەوە ئەوا هەمان ئەنجام بداتەوە ، كەواتە پێوەری جێگیری ئەوەیە كە تایبەتمەندی پێوراو بە وردیەكی باش دەپێورێت ) (مستەفا ،٢٠٠٧،ل ٥١) . توێژەر بە دەستكەوتنی (هاوكۆلكەی جێگیری) بە بەكارهێنانی یاسایی (هاوكۆلكەی پەیوەندی پێرسۆن)، نمونەی وەرگیراو بۆ راستگۆی جێگیری بریتی بوون لە (١٥)ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق ، كە پێورەكانمان بەسەر (١٥) ئەندام پەرلەمان دابەشكرد لە بەرواری ٢٠٢١/٤/١٣ وە دابەشكردنی هەمان پێوەر بەسەر هەمان ئەندام پەرلەمانەكان لە بەروارەی ٢٠٢١/٤/٢٧ واتا دوای (١٤) رۆژ كە بە یاسایی تاك و جووت بەكارهێناوە واتا كۆی خالە بەدەست هاتوەكانی تاك وە كۆی خالە بەدەست هاتوەكانی جووت بەكار هێنراوە بۆ گەیشتن بە پێوەری جێگیری ، كە بە رێگای كۆمپیوتەر و بەرنامەی (SPSS) بە رێگەی (دابەشكردنی دووبارە)و(دابەشكردنی نیوەی)بۆ هەردوو پێوەرەكە بەكارهێنرا ، بەلام بۆ پێوەی كەسایەتی كراوە و گۆشەگیر لەبەر تاكی ژمارەی پێوەرەكان لە دابەشكردنی نیوەی هاوكۆلكەی پەیوەندی (جیتان و سپرمان براون) بەكارهێنرا بۆ راستی و دروستی جێگیری پێوەرەكە نمرەكانی دەرچووی پێوەرەكە بۆ كەسایەتی (كراوە وگۆشەگیر) بە دابەشكردنی دووبارە بریتی بوو لە (0,88) كە بەلگەدارە و پەیوەندیكی بەهێزە و بۆ جێگیری كەسایەتی(كراو ە گۆشەگیر) بە رێگەی دابەشكردنی نیوەی بە رێگای هاوكۆلكەی پەیوەندی جیتان بریتی بوو لە (0,901) و بە هاوكۆلكەی پەیوەندی (سپێرمان براون) بریتی بوو لە (0,94).

**شیكردنەوەی ئاماری برگەكان (هێزی جیاكاری برگەكان)Item Analysis :**

شیكردنەوەی ئاماری برگەكان یەكێكە لە هەنگاوە گرنگەكان لە بنیاتنانی پێوەرە دەروونییەكان كە یارمەتی ئامادەكردنی پێوەرەكان دەدات بۆ هەڵبژاردنی برگەكان بە تایبەتمەندییەكی باشەوە، كە ئەمەش دروستی و سەقامگیری ئامرازەكە زیاتر دەكات ئەم پرۆسەی شیكردنەوەیە بریتییە لە ناسینەوەی توانای برگەكان بۆ جیاكردنەوەی نێوان تاكەكانی نمرەی بەرز و ئەوانەی نمرەی نزمیان هەیە لەسەر هەمان پێوەر، كە پێی دەگوترێت هێزی جیاكاری برگەكان ( Item Discrimination Power ) (البرواي،2013،ص:162).

بۆ ئەوەی توانای جیاكاری برگەكان بژمێردرێت كە پێوەرەكە پێكدێنێت، توێژەرەكە پشتی بە دوو شێواز بەستووە:

**ا- جیاكاری برگەكان Item discrimination :**

ئەناستاسی (Anastasi, 1982) ئاماژە بەوە دەكات كە هێزی جیاكەرەوەی برگەكان یەكێكە لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەكان كە دەتوانرێت لە ساڵنامەی برگەكان پشت پێ بەسترێت لە رووی كاراییەوە لە پێوانەكردنی ئەو تایبەتمەندیەی كە لە پێوەردا بپێورێت لە رێگەی توانای ، بۆ دەستنیشانكردنی توانای هەر برگەكان بۆ جیاكردنەوەی نێوان تاكەكانی خاوەنی بەرزترین نمرە و ئەوانەی كەمترین نمرەیان هەیە، توێژەرەكە پشتی بە داتای دەست كەوتوون لە بەرنامەی راپرسی لەسەر نمونەی توێژینەوەكە دەبەستێ (محمود،2004،ص:76).

بەمەبەستی زانینی هێزی برگەكان لە نێوان ئەو نمرەی كە نمونەی توێژینەوەكە كە بەدەستیان هێناوە ، كۆی نمرەی بەدەستهێنراو لەلایەن ئەندام پەرلەمانەكان دیاریكرا و نمرەكان لە نزمترینەوە بۆ بەرزترین پلە ریزكران، دواتر 27٪ ی ئەو فۆرمانەی كە كەمترین نمرەیان هەیە (27٪) ی ئەو فۆرمانەی كە بەرزترین نمرەیان هەیە بۆ نوێنەرایەتیكردنی دوو گروپی جیاواز . توێژەر ئەم رێژەیەی پەسەند كرد چونكە توێژینەوەی كێلی( Kelley ) ، مێهرنس و لیمان (Mehrense & Lehman ) ئەم رێژەیە لایان پەسەنكراوە (البرواي،2013،ص:162).

نموونەی توێژینەوەكە بە گشتی بریتیە لە (٦٣) ئەندام پەرلەمان ،وە رێژەی 27٪ ی هەر گرووپێك واتە (١٧) كەس، ژمارەی تاكەكانی هەردوو گروپی بەرزترین نزمترین (٣٤) ئەندام پەرلەمان و مەودای نمرەكانی گروپی سەرەوە لە (٨٥-٧٧)مەودای نمرەكان بۆ گروپی خوارەوە لە (٦١-٦٨)بوو.

بەكارهێنانی تاقیكردنەوەی تایی (t-test) بۆ تاقیكردنەوەی جیاوازیەكانی نێوان نمرەی سەرەوە و خوارەوە و بەكارهێنانی جانتای ئاماری (SPSS) ،هەموو برگەكانی دۆزرانەوە كە بە ئاستی بەلگەداری ئاماری (0.05)، ئەمە ئەوە نیشان دەدات كە برگەكان توانای جیاوازیان هەیە كە جیاكاری دەكات لە نێوان گروپە بەرزترین نمرە و نزم ترین نمرە .جگە لە برگەكانی

(٣٥،٣٢،٢٦،٢٣،٢١،٢٠،١٨،١٧،١٦،١٥،١١،٩،٨،٧،٥،٢،١) که بەلگەدار نەبوون بۆیە لە پێوەرەکە دورخرانەوە.

**ب / دۆزینەوەی راستگۆی ناوەرۆک Internal consistency coefficient:**

لە پێوانەی دیاردەی ڕەفتاریدا، پەیمانی یەکبوونی ناوەوە بەکاردێت بۆ دیاریکردنی هاوڕەگەزیی رەوشەکان. ئەم شێوازە چەند سوودێکی هەیە، کە پێوەرێکی هەمەجۆرمان بۆ دابین دەکات لە برگەکان بۆ پێوانەکردنی هەر برگەکان هەمان ڕەهەندی ڕەفتاری وەک پێوەری وەک هەموو پێوەرێک و توانای تیشک خستنە سەر پێکەوە گرێدانی برگەکان. ئالن 1979(Allen) ئاماژە بەوە دەکات کە هەرچەند برگەکان زیاتر پەیوەندی بە کۆی گروپەوە هەبێت، زیاتر لە پێوەرەکەدا دەگرێتەوە، زیاتر دەستگەیشتن بە پێوەرێکی هاوڕەگەزخوازتر دەبێت(محمود،2004،ص:79). تاقیکردنەوەی ئاستی بەلگەداری پەیوەندی لە ڕێگەی بەراورد کردنی لەگەل بەهای تائی خشتەیی ،بە ئاستی بەلگەداری (٠،٠٥) دەرکەوت کە برگەکانی (٣٥،٣٢،٢٦،٢٣،٢١،٢٠،١٨،١٧،١٦،١٥،٩،٨،٧،٥،١) بەلگەدار نەبوون بۆیە لە پێوەرەکە دورخرانەوە .

**ج/ راستگۆی وەرگێڕان:**

دوای ڕێکخستن و دلنیای بوون لە هەردوو پێوەرەکان بۆ هەردوو گۆراوەکان سەرەتا دەقە عەرەبییەکان لە لایەن (م ، ئەمیر میرخان احمد) شارەزا و خاوەنی بروانامەی ماستەر لە زمانی عەرەبی برگەکان وەرگیردرانە سەر زمانی کوردی،پاشان برگە کوردییەکان وەرگێردرانەوە سەر زمانی عەرەبی لەلایەن مامۆستای شارەزا لە زمانی کوردی و عەرەبی (شیماء مولود احمد) دەقی هەردوو وەرگێرانەکە بەراوردکران ، دەرکەوت بە ڕێژەیەکی زۆر لێك نزیكن دەقەکان هاو شێوە و هاومانان .

**پێنجەم/ پیادەکردنی کۆتایی پێوەرەکان بەسەر نمونەی توێژینەوەدا:**

دوای دلنیابوون لە راستگۆی روالەتی و راستگۆیی وەرگێران و جێگیری بۆ پێوەرەکان ، توێژەر پێوەرەکانی بەسەر نمونەی توێژینەوەکە (ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان- عێراق ) لە بەرواری (٢٠٢١/٥/٤) دابەشکرد.

**ئەنجامەکان شیکردنەوە**

**ئامانجی یەکەم / زانینی ئاستی کەسایەتی کراوە و گۆشەگیر لای نمونەی توێژینەوەکە بە گشتی.**

دوای بەکارهێنانی (spss) و دەرخستنی (ناوەندی ژمێرەیی) بۆ کەسایەتی کراوە و گۆشەگیری ، کە ڕێژەکەی (34.1)بوو ، بەبەراوردکردن لەگەل (ناوەندی گریمانەیی)کە ڕێژەکەی (36)بوو ، دەرکەوت کە (ناوەندی ژمێرەیی) بچوکترە لە (ناوەندی گریمانەیی) ئەمەش بۆمان روونەدەکاتەوە کە ئاستی کەسایەتی نمونەی توێژینەوە کەسایەتی گۆشەگیرن ،بۆ دلنیابوون لە وەلامەکان (بەهای تائی) دەرهێنا کە (بەهای تائی ژمێردراو) بریتی بوو لە (-2.84)بوو،کە بچوکترە لە (بەهای تائی خشتەیی) کە (2.00)بوو ، لەبەر ئەوە دەلێین (بەلگەدارە).

**شیکردنەوەی ئەنجامی یەکەم :**

بەلگەدارە و ئاستی کەسایەتی نمونەی توێژینەوە بەرەو ئاراستەی گۆشەگیریە واتا کۆمەلگەیی توێژنەوە و بەدیاری کراوی ئەندامانی پەرلەمانانی کوردستان–عێراق کە لە توێژینەوەکە بەژداریانکردوە کەسانی گۆشەگیرن،بە تێروانینی (یۆنگ )کەسانی گۆشەگیر خۆیان لە واقعی دەرەکی جیا دەکەنەوە و خۆی بۆ بەرگری بەکار دێنن و لەلایەکی دیکەش بۆ زالکردنی واقعی دەرەکی و دانانی کەسایەتی خۆی بۆ دەسەلات،ئەندام پەرلەمانەکانمان لە کاتی بانگەشی هەلبژاردن بە روالەتیش بێت خۆیان بە کەسێکی کراوە و لای خەلك پێشان ئەدەن،بەلام کە دەرچوون بۆ پەرلەمان خەلك هەمان چاوەروانی هەیە کە لەکاتی بانگەشە پێشانی خەلکی ئەدا،کەچی لە راستیدا لەبەر زۆری ئەرك بێت یاخود سەرقالی زۆری بە ئەو کارانەی حکومەت یا دەسەلاتی پەرلەمان یان حیزب پێ دەسپێرن،ناچارە سنورێك بۆ ئەو پەیوەندیانە دابنێت.

**ئامانجی دووەم / زانینی ئاستی کەسایەتی کراوە و گۆشەگیر بەپێ جیاوازی رەگەز (نێر و مێ) لای نمونەی توێژینەوەکە بە گشتی.**

سەبارەت بە کەسایەتی کراوە و گۆشەگیر (بەهای تائی ژمێردراو)لای نمونەی توێژینەوەکە بەگشتی (-1.93) بەبەراورد بە (بەهای تائی خشتەیی) (2.00) کەواتە (بەهای تائی ژمێردراو) کەمترە لە بەهای (بەهای تائی خشتەیی) ئەمەش بەواتای ئەوە دێت کە (بەلگەدارنیە)بە شێوەیەکی ئاماری کاتێك بەلگەدارە کە یەکسانە بە (0,05) واتا جیاوازی نیە لە نێوان رەگەزی( نێر و مێ )لای نمونەی توێژینەوەکە لە گۆراوی کەسایەتی کراوە و گۆشەگیر

**شیکردنەوەی ئەنجامی دووەم :**

لە ئەنجامی دووەم گەشتین بەو ئەنجامەی کە هێچ جیاوازی نیە لە نێوان رەگەزی (نێر و مێ)لە رووی کەسایەتی کراوە و گۆشەگیردا ، لە کۆمەلگای کوردی دا لە بواری کارکردن لە زۆرترین جومگەکانی دەولەت و حیزبی وە هەتا کەرتی تایبەت بواری باش رەخساوە و دەرەخسێنرێت بۆ هەردوو رەگەز لە بواری کارکردن و خۆدەرخستن هەتا بگرە رێگر و بەربەستەکان بە شێوەی گشتی بۆ ئافرەت کەمترە بۆ دەست خستنی کار و لەلایەن دامو دەزگاکان و خاوەن کارەکان هەربۆیەش بەم هۆیەوە هیچ جیاوازی نیە لەرووی دروست بوون ودەرخستنی کەسایەتی.

**ئامانجی سێیەم/زانینی جیاوازی کەسایەتی کراوە و گۆشەگیر بەپێ جیاوازی بروانامە لای نمونەی توێژینەوەکە بە گشتی.**

ئەوەی پەیوەستە بە ئامانجی پێنجەم دەرکەوت کە جیاوازی بەلگەدار هەیە لە کەسایەتی(کراوە - گۆشەگیر)لە لایەن )ئەندامانی پەرلەمان بەپێ گۆراوی ئاستی بروانامە کە بەهای فایی ژمێردراو(0,05) بە بەراورد بە بەهای تائی )خشتەیی کە گەورەترە لە بەهای فایی خشتەیی کە بریتیە لە (2.368)ئەمەش ئەوە دەگەینێت کە جیاوازی بەلگەدارە )هەیە لای نمونەی

توێژینەوەکە بەپێ بروانامە ، بە ئاستی بەلگەداری (0,05)بە نمونەی سەربەستی ((58 ،لە خشتەی ژمارە(١٧)بۆ زانینی جیاوزای بەلگەداری لە نێوان مەودای ژمێرەی و بروانامە بۆ نمونەی توێژینەوە ، توێژەر هەستا بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی (LSDکە لە خشتەی ژمارە (١٧)زیاتر روونکراوەتەوە.

**شیکردنەوەی ئەنجامی سێیەم :** لەرووی ئاستی زانستی یاخود بروانامە نمونەی توێژینەوەکە ، هەبوو خاوەنی بروانامەی ئامادەیی بوو تا دکتۆرا دەرکەوت جیاوازی نیە لەوەیکە خاوەنی بروانەمەیەکی نزم بیت یاخود بەرز لەرووی هەبوونی تایبەت مەندییەکانی کەسایەتی،لەلای نمونەی توێژینەوەکە کە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانن، چونکە بوون بە ئەندام پەرلەمان ئەگەر بروانامە لای حیزبەوە گرنگی زیاتر پێبدرێت ئەگەرنا پێوەر نیە لای خەلك بەورادەیەی کراوەبوون و تێکهەلبوون ، هەبوونی تایبەتمەندی کەسایەتی کراوە گرنگن بە رادەیەك لەلای خەلك کە ئەوانەیان کردۆتە نوێنەری خۆیان کە ببن بە ئەندام پەرلەمان ، و نوێنەرایەتیان بکەن لە پەرلەماندا.

**یەکەم / دەرئەنجامەکان**

دوای خستنەرووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و شیکردنەوەیان توێژەر بەم دەرئەنجامانە گەیشت

١- کۆمەلگاو بەدیاری کراوی ئەندامانی پەرلەمانانی کوردستان – عێراق کەسانی گۆشەگیرن ، حیزبەکان لە پێش بروایان وایە کە ئەو کەسانە کاندید بکرێن یان لە پێشەوەبن بۆ هەر داواکارێکی ئەو کەسانە لە خەلک باشتر جێ خۆی دەگرێت کە بە کۆمەلێك خەسلەتی دیاری کراو کەسایەتی کراوەیان هەبێت.

٢- لە نمونەی توێژینەوەکە دەرکەوت ئافرەتیش شان بە شانی پیاو هاوسەنگە لەوەی کە بۆ بەرەو پێشوەچونی بەرنامەکانی یا کارە حیزبی یا ئەو کارەنەی تێکەڵ بە خەلکە یان پێویستی هەردوو ئاراستەی هەیە پێویستە تایبەتمەندی کەسایەتی کراوە زالبێت بەسەری وە لە جەمسەری کەسایەتی کراوە نزیک بێت .

٣- بروانامە گرنگە بەلام لە مندالیەوە کۆمەلێك تایبەتمەندی بەسەر کەسایەتیمان زالە بەهۆی بۆماوە وە یاخود پەروەردەی دایك و باوک وە ئەو ژینگەیەی کە تێدا دەژین هەندێك جار مرۆڤ ناچار دەکرێت بە کۆمەلێك شێواز ئاراستەی ژیان بروات ، بۆیە دەکرێت بە هەر بروانامە یا کارێك کەسایەتیت لە یەکێك لە جەمسارەکانەوە نزیک بێت ، جا پرۆسەی خوێندن و ئاستەکانی بالاتر دەکرێت ، وا لە مرۆڤ بکات کە زیاتر تێکەل بێت لەگەل خەلکداو ،ئەمە تەنها بە لێکدانەوەیەکی گشتیە بەهۆی نمونەی توێژینەوەکەیە .

**راسپاردە و پێشنیازەکان**

**دووەم/ راسپاردەکان :**

**توێژەر دوای ئەوەی گەیشتە دەرئەنجامەکان ، راسپاردەی ئەمانەی خوارەوە دەکات :**

١- دەکرێت لە نێو حیزبەکانەوە خەلکانێك هەبن کە خاوەنی هەردوو تایبەتمەندی بن وە بە زەحمەت بزانی کە لە چ جۆرە کەسایەتێك نزیکن ، وە پێویستیان بە کەسانێکە کە خاوەن تایبەتمەندی کەسایەتی گۆشەگیرن ، و کەسانێك کە خاوەنی کەسایەتی کراوەن چونکە زۆرترین جیاوازی بیرکردنەوە و دۆزینەوەی رێگا چارەسەرەکان یا داهێنەرانە بەهۆی جیاوزای کەسایەتی و بیرکردنەوەمانە ، بەلام بوونی کەسانی کراوە بۆ کاری پەرلەمانی باشتر چونکە ئێمە ئەگەر نمونەی خولی پێنجەمی پەرلەمان کوردستان – عێراق وەرگرین بە رێژەیەکی بەرز ئەندام پەرلەمانانی کوردستان خاوەن کەسایەتی کراوەن بۆیە دەکرێت حیزبەکان خۆیان زیاتر هەولبدەن ئەو کەسانی بۆ ئەو کارانە بەکار بێنن بە نموونەی پەرلەمانتاری.

٢- چونکە هەبوونی کەسانی سەربەخۆ کەمە بۆ کاری هەلبژاردن و خۆ کاندیدکردن،بەلام ئەو کەسانەی دەیانەوێت سەربەخۆبن لە خۆ کاندید کردن یا خاوەنی بیرکردنەوەی جیاوزابن بۆ ئەوەی بگەینن بە خەلک پێویستە خاوەن کەسایەتی کراوەبن و بروابەخۆبوونیان بەرزبێت و سود لەم توێژینەوەیە وەربگرن .

٣-  داوا لە حیزبەکان دەکەین کە لە کاتی هەلبژاردنی پەرلەمان کە سەرەتا هەولبدەن باشترینەکان لە دیدی حیزبەکەیان و خەلك هەلبژێرن کاری جدی لەسەر جۆری کەسایەتی ئەو کەسانە بکرێت کە قەرارە وەك کاندید بناسرێت لە هەلمەتی هەلبژاردندا .

٤-  داوا لە پەرلەمانتارەکانیش دەکەین کە بوون بە ئەندام پەرلەمان بە شێوەیەك بەژداری کارا بکەن کە وەک چۆن لە کاری پێشوی یاخود پێش هەلبژاردن کەسایەتی خۆیان دەرخستبوو ، بۆ ئەوەی خەلك زیاتر بزانێت لەسەر چ بنەمایەک ئەتوانێت کاندیدی خۆی هەلبژێرێت لە هەلبژاردنەکانی داهاتوودا .

٥- حیزبەکان زیاتر کار لەسەر کەسایەتی ئەندامی حیزبەکانیان بکەن یا بەدیاری کراوی ئەوانەی حیزب خۆی داوایان لێدەکات یان خۆیان داوادەکەن بۆ کاری ئەندام پەرلەمانی  بۆ ئەمەش ئەتوانن سود وەرگرن لە زانستی دەرونزانی کەسایەتی.

**سێیەم / پێشنیازەکان**

**توێژەر پێیشنیازی ئەم خالأنە دەکات کە وەك توێژینەوە ئەنجامبدرێت :**

١- پێشنیاز دەکەین کە هەمان توێژینەوە لەسەر ئەندام پەرلەمانەکانی کورد لە عێراق ئەنجامبدرێت بۆ ئەوەی بەراوردی ژینگەی ئەو دوو پەرلەمانە و کەسایەتیان بکرێت .

٢- توێژینەوەی هاوشێوە لەسەر ئەندام پەرلەمانەکانی کوردستان بکرێت لە خولی یەکەم تاکو چوارەم ئەو ئەندام پەرلەمانانەی لە ژیان ماون تاکو بزانین کەسایەتی ئەوان چۆنە دوای ئەم هەموو سالە لە کاری پەرلەمانتاری بەدروکەوتن و کاریگەرییەکانی چین ؟

٣- پێشنیاز دەکەین توێژینەوەیەک بەم ناونیشانە لەسەر ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان بکرێت چونکە ئەوانیش هەلبژێردراوی حیزب وخەلکن.

**یەکەم / سەرچاوەی کوردی**

١- رزاق ، سێبەر رزگار ، (٢٠١٤) **کاریگەری بەکارهێنانی گەردەلوولی مێشک لەسەر دەستکەوتی فێرخوازانی پۆلی شەشەمی بنەرەتی لە بابەتی پەروەردەی مەیدانی و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە** ، زانکۆی کۆیە .(( نامەی ماستەری چاپ نەکراو )) .

٢- عومەر ، مەعەن خەلیل (٢٠١١) **میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەلناسیدا** ، وەگێران ، شوان ، محمد ، چاپخانەی رۆژهەلات ، هەولێر

٣- مستەفا ، خاوەر سالح (٢٠٠٧) ، **نیشانە تێکچونەکانی فشاری دوای هێدمەی دەروونی (PTSD) لای ئافرەتە بارزانییەکانی شالاوی ئەنفال** ، زانکۆی سەلاحەددین ــ هەولێر کۆلێژی پەروەردە ، بەشی پەروەردە و دەروونزانی . .(( نامەی ماستەری چاپ نەکراو)).

٤- مستەفا، یوسف حەمەصالح، (٢٠١٩) **کەسایەتی و سروشتی مرۆڤ**، بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

**دووەم / سەرچاوەی عەرەبی**

٥- ابوعلام ، رجاء محمود ، (٢٠١٤) **مناهج البحث فی العلوم النفسیه و التربویه،** دار النشر الجامعات ، لقاهره ، مصر

٦- البرواري، رشيد حسين أحمد،(2013). **الأفكار العقلانية واللاعقلانية وعلاقتها بالالتزام الديني وموقع الضبط**، ط1، دار جرير للنشر والتوزيع، عمان.

٨- حسن، فینك امجد ، (٢٠٠٣) **سمة (الانبساطية - الانطوائية)وعلاقتها بالتفوق و والتاخر الدراسيين ، لدى طلبة المرحلة الاعدادية** ، ((رسالة غير منشورة))، جامعة صلاح الدين / اربيل ،كلية التربية .

٩- شامية ، محمود سليمان محمود (٢٠١٦) ، **سمات الشخصية وعلاقتها بالتكيف النفسي لدى المراهقين المهدمة بيوتهم** ، ((رسالة ماجستير غيرمنشورة))، التربية الإسلامية - غزة جامعة شئون البحث العلمي والدراسات العليا.

١٠- العتيبي ، سعد عويض زياد (١٩٩٦) ، **علاقة القلق النفسي بالإنبساط والإنطواء لدى عينة من المرضى والأسوياء في المنطقة الغربية ( مكة المكرمة - الطائف - جدة )** ، ((رساله ماجستر غير منشوره )) ، المملكة العربية السعودية وزارة التعليم العالي جامعة القرى كلية التربية بمكة المكرمة الدراسات العليا ، القسم : علم النفس.

١١- عبدالخالق ، احمد محمد (١٩٨٣) **الابعاد الاساسية للشخصية** ، دارا المعرفة الجامعة الاسكندرية

١٢- محمود ،أحمد محمد نوري (2004). **قياس الدافع المعرفي لدى طلبة جامعة الموصل،** جامعة الموصل ،كلية التربية ،قسم علم النفس، (( أطروحة الدكتوراه،غير منشورة )).

**سێیەم / سەرچاوەی فارسی**

١٥- پورمختار ، علی (٢٠٢٠)**بررسی رابطه بین تیپ شخصیتی درونگرايي و برونگرايي با میزان رضایت شغلی (کارکنان سازمان تامین اجتماعی)** ، دانشکده مدیریت، دانشگاه تهران، تهران، ایران

١٦- ساروخانی، باقر. (١٩٩٩)، **دایرة المعارف علوم اجتماعی**، تهران: نشر کیهان.

١٨- نجارپور ، سعید (٢٠٠٨)**رابطه تيپ هاى شخصيتى (درونگرا و برونگرا)، هوش و جنسيت با شرطى سازى معنايي** ، دانش و پژوهش در روان شناسي كاربردي ، دانشگاه آزاد اسلامي واحد خوراسگان (اصفهان )

**چوارەم / سەرچاوەی ئینگلیزی**

20- Coon,(1997), Dennis,Essential of psychology(Explorationand Application)7ed copyright city publishing company.

21- Eysenck H.j,(1947) Dimensions of personality London kegan paul Lltd.

22-Hansenne, M. (2003) Psychologie de la personnalité. Bruxelles: Editions de Boeck Université, 1st éd.

24 – Rolef , (2015), Susan Hattis, **Describing, Delimiting and Defining the Job of the MP** ,research , Wroxton College .

25 - Hluttaw , (2009) Shan State , **Parliamentary Research Training Manual** , This publication was carried out with the aid of a grant from Global Affairs Canada (GAC) and International Development Research Centre (IDRC).

Abstract

This study aims to explore the extraversion and introversion personality types among members of the fifth round of Kurdistan parliament - Iraq and according to demographic variable such as gender (Male & Female) and certificate level. The researcher used descriptive method. The population consisted of members of the fifth round of Kurdistan parliament – Iraq. The sample was (63) members of parliament which involved 46 male and 17 female according to certificate level ( high school, diploma, bachelor's degree , Master, and Doctoral Degree) which they were selected randomly. (hssen, 2013) scale was used for measuring extraversion and introversion personality types which consisted of 18 items. for analyzing the data the researcher used (SPSS). For finding reliability (test-retest method) and (split- half method) were applied . Because the items of the scales were single the researcher used Spearman-Brown coefficient and the Gettman coefficient of split-half, the test- retest reliability value was (0.88), which is statistically significant at the level of (0.05) which is a strong correlation. The value of reliability with Gettman coefficient was (0.901)and with Spearman Brown was ( 0.94). Finally, the results indicated that the sample of the research is introversion personality type oriented , and there are no significant differences between extraversion and introversion personality according to gender variable, but there are significant differences between extraversion and introversion personality and certificate degree in favor of master degree, which means those who hold master degree are more likely to be extroverted person.